# چاوپێکەوتنی دەنگەکان لەگەڵ هەڵسوراوی بەرچاوو ناسراوی فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە سویسرا (جەمال کۆشش)، سەبارەت بە هەڵوێستە ڕەیسیستیانەکەی پارتی گەلی سویسرا لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا



**دەنگەکان**:1

لەِ21ی ئۆکتۆبەر هەڵبژاردنی گشتی لەئاستی وڵاتی سویسرا دەچێتە ڕێوە. پارتی گەلی سویسراSVP کە پارتێکی ڕاست ڕەوەو یەکێکە لە گرنگترین ئەو چوار پارتەی بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات. وە ئێستا خاوەنی 26,7% ی کورسییەکانی پەرلەمانە کە لەهەڵبژاردنەکانی 2003 دا بەدەستی هێناوە, وە ئەگەری زیاترکردنی هەیە لەهەڵبژاردنەکانی ئەم جارەدا . لەپروپاگەندەکردنی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە بەپۆستەرێکی ڕاسیستانەوە (سێ بەرخی سپی, بەرخێکی ڕەش سنووورداش دەکەن) پروپاگەندە بۆ سیاسەتی دژی پەناهەندەیی خۆی دەکات. بەڕێزتان لەو بارەوە وتارێکتان لەدەنگەکان بڵاوکردەوە. ئێوە وەك هەڵسوڕاوێکی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی چۆن سیاسەتە دژی پەناهەندەییەکانی ئەو پارتە هەڵدەسەنگێنی؟



*جەمال کۆشش* 1:

لەدڵەوە سوپاستان دەکەم , سوپاس بۆ دەرفەت ڕەخساندتان تا لەنزیکەوە خوێنەرانی سایتەکەتان تێڕوانینی هەڵسوڕاوێکی پەنابەری, لەهەندێك گۆشەی سیاسی کۆمەڵگای سویسرا پێیانبگات. حزبی گەلی سویسرا لەساڵی 2003 دا بۆ یەکەم جار لەمێژوودا ژمارەی کورسیەکانی بۆ ئەو ڕادەیە بەرز بوەوە و لەو حەوت کەسەی کە بەبوندس ڕات , دەناسرێن و وەزارەتەکانیان بەدەستەوەیە 2 کەسی بوو بەهی ئەوان, *کریستۆف بلۆخەری* سەر بەهەمان حزب لەمیدیای سویسری و جیهانیدا زۆر جار بەکەسایەتی هتلەرو هەیدەرو مۆسۆلۆنی و فلافۆ دەچواند...جێگای روس میتزلەری سەر بەحزبی کرستلیخەفۆلکس پارتی CVP کە وەزیری عەدل و ناوخۆ بوو گرتەوە. پرۆسەیەك کە پێشتر لەنێو دەوڵەت و لەوەزارەتی کاروباری پەنابەری دا بۆ بەرتەسکردنەوەی مافەکان پەنابەران دەستی پێکردبوو کە هەرلەژێر کاریگەری پتەو بوونی باڵی ڕاستدا بوو, لەوانە زیادکردنی لیستی وولاتانی ئاسایش, کەمکردنەوەی پارەی رۆژانەی پەنابەران, ....بەڵام لەگەڵ دەست بەکاربوونی ئەو لەپۆستی وەزیریدا,ئیدی چی بەرنامەی ڕاستی حیزبی گەل هەبوو لەنێو دەوڵەتدا جێبەجێی کرد: یاساکانی پەنابەری بەتەواوی تەنگکردەوە, دیپۆرتی سپارد بەپۆلیسی کانتۆنەکان, ژمارەی کەمپەکانی کەمکردەوە, ڕەفزو تەردی بەلێشاو دەستپێکرد, لەڕاستیدا ئەو بەنیازە ئیدی کێشەی پەنابەری و داواکارانی مافی پەنابەری لە سویسرا بەیەکجاری دابماڵێت.سویسرا لەمەسەلەی پەنابەری دەست بشوات. بۆ نموونە بەیەکەوە گرێدانی بەشی پەنابەری و کۆچکردوان بەیەکەوە کردنی بەیەك دیپارتمان, ڕەفزی زۆرو ئیلغای بەشی ئیسئتاف و گۆڕینی بۆ بەشی محامات و کەمکردنەوەی ژمارەی پارێزگارەکان , لە 1.1.2008 سەرجەم ئەو پەنابەرانەی کە ڕەفزییان هەیە وناگەڕێنەوە بۆ وولاتەکانی کەلێوەی هاتوون دەخزێنرێنە کەمپی دوور لەئاوەدانی و بیمەیان لێدەبڕدرێ و لەنچەیکیان پێدەدرێ , ئەمانە لەلایەك ولەلایەکی ترەوە فورسەت ڕەخسان بۆ کارو مافی مانەوە بەشەرتی کار و قورسکردنی پێکهێناتنی خێزانە باینسیۆنالەکان((ئەو خێزانانەی کە بەزۆری لایەکیان مافی مانەوەیان هەیە لەسویسرا جا سویسری بن یان بیانی و لایەکیان نیەتی)) وەك چاودێری ووردی ژیانیان, دکیۆمنتە تایبەتیەکانیان, جل و بەرگیان و موراقەبەی فلچەی دان وساتەکانی پێکەوەبووینان و تا درێژکردنەوەی ماوەی لێکجیابوونەوەو دیپۆرتی لایەنی دووەمی لاواز لەحاڵەتی جیابوونەوەدا لەماوەی کەمتر لە5 ساڵ....هتد ئەم گۆڕانانە لەیاساکانی پەنابەری و خێزاندا هیچ پەیوەندییەکیان بەو بیانیانەوە نیە کە توندوتیژی دەکەن یان بەمانایەك دەچنە خانەی کرمنالیتیەتەوە. لەو ڕووداوانەی کە پەنابەران دەگلێنە کرمنالیتیت و توندوتیژی ئیدی بلۆخەر شوولی لێهەڵکێشاوە مەترسی دیپۆرت بۆ سەرجەم ئەو خێزانانەیە کە یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەیان تاوانێکی ئەنجامدابێت. وە نەتەنها ئەوە بەڵکە ئەگەر شوفێر بیت سەر پێچیەکت لەیاساکانی هاتوچۆدا کردبێت شانسی مۆڵەتی مانەوە بە مافی کارکردنیشەوە بۆ ماوەیەك لەدەست دەدەیت کەکەمتر نیە لە2 ساڵ. ئەم هەنگاوانەی لەنێو پراتیکی سیاسی و یاساکانی پەنابەری دا جێبەجێکردووە. ئەو پەنابەرانەی کە مافی مانەوەیان وەرگرتووە, و ئەو پیرو پەکەوتانەی کە توانای کاریان نیە فشاری گەورەیان لەسەرە لەلایەن بیمەی شارەوانیەکانەوە بەگشتی. یەك کەمپینی گەورەی لەنێو دامەزراوە

کۆمەڵایەتییەکان و لەمیدیا دەست پێکردووە بۆ چاوخشاندەوە و لێکۆڵینەوە بۆ بودجەی شارو توانا بوون بۆ کاروسەرقاڵیکردن بەکارەوە کە پێی دەوترێت ((بشفتگن پرۆگرام)) کە بۆ ئەوەیە لەسەر بیمەی شارەوانی نەمێنێت و بچێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی بیمەی بێکاری و لەوێ شەق شەقی خۆیانی لەگەڵ بکەن و دیارە لەوێش کۆمەڵێك هەنگاو بەهەمان ئاڕاستە نراون ویەکسەرە لەپرۆسەکە تێدەگەن . ئەم ئاڵوگۆڕانە کە بەشێوەیەکی گشتی لەووڵاتانی ئەوروپا وە لەئەمەریکاو ئوسترالیا لەپاش 2000 نراون بەدژایەتی ئینسانە بێبەشەکان لەنێو بازاڕی کارو مەسەلەی پەنابەریدا, پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕێکی جیهانی هەیە لە قازانج ومیکانیزمی سەرمایەداری هاوچەرخدا. **ڕۆشنە فراوانی پانایی ئاسایش و ئارامی لەجیهان گەورە نەبووە, شەڕو تیرۆرو هەژاری کەمی نەکردووە.** بۆ تێگەیشتن لەمەرامی سەرمایەداری لەم سیاساتانەیدا, ئەم ساڵ زۆرترین ژمارەی بیانی بۆ کار بەتایبەت لەئەڵمانیاوە هاتوون بۆ سویسرا, کادرە تەکنەلۆجیەکان وپرۆفیسۆرو دکتۆروکادری بوارە زانستی و پەروەردەییەکان و کرێکارەکان. .باڵی ڕاست پرۆژەیەکی ئابووری و سیاسی وفەرهەنگی لەلاگەلالەبووە کە هەندێك لە باڵە ترادسیۆنیە کۆنەکانی وەك حزبی لیبراڵەکان و سۆسیال دیموکراتەکان و مەسیحیەکان یش تیا بەشدارن. بەکورتی ئینسان بۆ تێگەیشتنی لەزاڵبوونی بۆرژوازی ڕاست لەئەوروپا, پێویستە ئەو میکانیزم و کارو کردەوانە لێکبداتەوە کە سەرمایەداری قەڕنی 21 پێناوەتە نێوییەوە, لەگەشەی تەکنەلۆجیا لە گشت بوارەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی و کۆمنیوکاسیۆن و میدیا, پاشەکشەی مافەکانی کرێکارو کەمبوونەوەی ماوەی بێکاری, لەبێهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ میکانیزمی بازاڕو نرخ, ئاوەلاکردنی دەستی کۆمسیۆنی ململانێ و گواستنەوەی فیرماکان بۆ دۆزینەوەی سەرزەمینی کۆیلایەتی هاوچەرخ, لەتایبەتیکردنی کردنی کەرتە دەوڵەتیەکان, کەمکردنەوەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی یەکان لەسەر بودجەی دەوڵەت و کەمکردنەوەی باج و زەریبە لەسەر فیرما و کۆمپانیە گەورە سویسری و بیانیەکان....ئەمانە ئەو میکانیزمانەن کە بۆرژوازی ڕاست لەسویسرا تیا سەرکەوتوو بووە. بۆ ئەوەی لە ڕاست و پروپاگەندەیی ڕاسیستی تێبگەن وهەوڵبدەین بەرەو ڕووی ببینەوە, لانی کەم پێویستە ئەو پارتە بناسین لەنێو هەلومەرجی ئێستادا. ئەم حزبە کاتی خۆی لەحزبی لبراڵەکان جیابۆتەوە((پارتی ئازادیخوازانی سوییسرا .FDPوەسەرەتا بچووك و لاکەوتە بووە,بەکۆمەڵێك قۆناخی جیاوازو نێو گۆڕین دا ڕۆیشتوە, تا ساڵی 2003یش یەك بوندس ڕاتی هەبوو,ئەویش سەر بەباڵی لبراڵەکان بوو لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی حزبیدا و لەنێو دەوڵەتیشدا هەمیشە ئەو ڕۆڵەی بینیوە کە کاندیدی حزبی لبراڵەکان بینیوەو دەنگی بەو پرۆژەو سیاساتانە داوە کە حزبی لبراڵی سویسراو ئێستاش ماوەتەوە کە ساموئیل شمیدە. باڵی ڕاست کەکریستۆف بلۆخەری وەزیری عەدل وناوخۆ **<u>وسەرۆکی حزبەکە ئوولی ماوەرەر</u>** لەسیاسەت داڕێژەرو کەسایەتیە یەکەمەکانی ئەو باڵەن لەدوای هەشتاکانەوە دەرکەوتن و لەسەر بیانەدوژمنی و دژی پەنابەری ئەو فورسەتەیان بۆ هەڵکەوت کە ئەمڕۆ شێوەوناو وناوبانگ و مۆڕاڵی سویسرا لەنێوخۆ و لەدەرەوە گۆڕی. دیارە کۆمەڵگای سویسرا گەلێك گۆڕانی بینیوە لەم ساڵانەی دواییدا, بەتایبەت لەنێو ئەو شتەی نێودەنرێت نێوەند_ڕاست. بۆ نموونە ئەو کێشەیەی بەنێوی خراپ کەڵك وەرگرتن لەمەسەلەی پیرەکان و پەکەوتەیی کە بەر لەماوەیەکی کەم پێش کەمپینی هەڵبژاردنەکان دەستی پێکرد, بەجۆرێك بوو کە ئینسانی سەرسام دەکرد, بۆ زۆرێك لەکەم ئەندامەکان کە هەردوو دەستیان نەبوو, هەردوو قاچیان نەبوو, یان لەڕووداوی جۆراوجۆردا لاکەوتەو گێرو گوار ببوون, لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدەدا, ئایا چەندی دەر سەد توانای کاری لەدەست داوە, ئەمەش کریستۆف بلۆخەرسەر بەحزبی گەل,و *<u>ڕۆدۆڵف میرتز وەزیری دارایی سەر بەحزبی</u>* <u>لیبراڵ</u> پێکەوە ئەم پرۆژەیان لەنێو هەژارترین و بێوەیترین بەشی کۆمەڵگادا بردە پێشەوە. لەکاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی پرۆ سینکوتیت ((قەڵەشتی نێوان هەژارو دەوڵەمەند لەنێو توێژەکۆمەڵایەتیەکاندا هیچ کامیان بەئەندازەی هی پیرەکان گەورە نیە, بەپێی لێکۆڵینەوە لەهەژاری , یەك لەچواری ئەو کەسانەی پارە مانگانە لەبەشی پەکەوتەکان وردەگرن , وەك داهاتی لاواز ناسێنراون و نزیکەی 15٪ خانەنشینەکان تەنها لە حاڵەتی مانەوەدا دەژین.)) لەلایەك سویسرا بەبەهەشتی کەمی باج وزەریبە ناسراوەو ئەیانەوێت دەرگابۆ دەڵەمەند و کۆمپانیا جیهانیەکان واڵا بکەن و ساڵ بەدوای ساڵ باج کەمتر بکەنەوە. تەنها لەساڵی 2006 دا 1500 کارگەی چکۆڵە و ناوچەیی دا لەکێبڕکێ ئابووری و سیاسیدا, دۆڕاون و شکستیان خوارد و لەنێوچوون. باڵی ڕاست نەتەنها بۆ پەنابەران بەڵکە بۆ سەرجەم ئینسانەکان کە دەیانەوێت بەبەختەوەری بژین و تەمەن بگوزەرێنن, مەترسییەکی جددییە. سیاسەتە دژی پەنابەرییەکانی حزبی گەلی سویسرا, لەم هەنگاوە ئابوورییە_سیاسیەوە سەرچاوەی گرتووە, کەمکردنەوەی باج لەسەر دەوڵەمەندەکان, کەمکردنەوەی پرۆژە کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت, کەمکردنەوەی بودجەی پیرو پەکەوتەکان, کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لەکۆنترۆڵی بازاڕو نرخ, دامەزراندن و ڕێکخستنەوەی بازاڕی ئازاد بەپێی مۆدیلی نوێی سەرمایەو سوود ئاوەری. ئەم سیاسەتە بۆ کۆمەڵگای سویسرا تا سەرمۆخ نا ئینسانی و ناقانونی یە. دژ بەهەموو ڕێککەوتنە نێو دەوڵەتیەکانە. بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم سیاسەتە, فیدراسیۆن پێویستە لەبەرمبەر ڕاستدا بوەستێتەوە. بەرگری لەمافەکان و ژیانی پەنابەران بکات. ئەمەش وا دەکات کە بەتەواوی پشت ببستێتە سەر خودی کۆمەڵگای سویسراو ڕیزی پەنابەران گرێبدات بەسەرجەم خەباتی بەرەی چەپ و ئیسناندۆستی لەسویسراوە.

**دەنگەکان:2**

**ئەو فاکتەرانە چین لەپشتی بەرزکردنەوەی وەها پۆستەرێکی ڕەیسیستیانەوە ؟**




*جەمال کۆشش:2*

**لەپێشەوە هەندێك تەوەرەی بونیادیم لە ڕەوشی گەشەی ڕاسیزم و لایەنی ڕاست شیتەڵکرد, ڕۆشنە کێشەکەش تەنها پەیوەند نیە بەخودی سویسراوە. پەرەگرتنی ڕاسیزم لەکۆمەڵگاکانی ئەوروپاو زاڵبوونی مەیلی ڕاسترەو لەبەشێکی زۆر لە وولاتانی ئەوروپایی و لەپەرلەمانی ئەوروپاش واقعیاتێکی بەرجەستەیە.وەك لەوەڵامی پێشەوەشدا هەندێك گۆشەی ئەو بابەتەمان هەڵسەنگاند. بەڵام لەسویسراش هەندێك فاکتەری تر هەن کە ئەم پرۆسەیەی برێك خێرا تر کرد وەك ڕۆژنامە ئیسپانییانیەکان نێویان نا ((سویسرا ,مەڕی ڕەشی ئەوروپا)). یەك: ئەم پارتە وەك ترادسیۆنی سیاسی خۆی پارتێکە بەدرێژایی مێژووی سیاسی کاری بۆ ئەو یاسایانە کردووە کە ئەمڕۆ لەسویسرا بەڕێوەیە وچڕوپڕ لەسەر ئەو تەوەرەیە زەوی هەڵکۆڵیوە. بەردەوام لەهەموو ئاستەکان, لەنێو خەڵك و لەنێو پەرلەمان و لەنێو میدیا و لەسمینارو چالاکیەکانی تردا خاڵێکی جەوهەری بووە وهەلی لەکیس نەچواندووە. چەندین جار دەنگدانی گشتی لەدژی پەنابەر جاڕداوە. بەڵام حزبەکانی دی نێو پەرلەمان کە کاریگەرییەکیان لەڕاگەیاندن ولەدەوڵەتدا هەیە, پرۆژەیەکی جددی بۆ ڕەددانەوە پێشنیار نەکردووە و ئەنجامنەداوە. ئەم حزبە خۆیشی زۆر دەوڵەمەندەو سەرەڕای ئەوەش زۆر باش دەزانێت کەی و بۆ چی پێویستە سەرف بکرێت . ئەم پارتە خاوەنی زۆرترین ڕێژەی ئەندامە کە نزیکەی 150 هەزارە وزۆربەیان لەلادێیەکان دەژین و جووتیارن و خاوەنی مناڵی زۆرن و ئەوەش لەدەنگدان گرنگە ویەکجار زیندوون و کۆمەڵێك کادری چالاکیان لەنێو بوارە جۆرەجۆرەکانیشدا هەیە. لەوانەش گرنگتر باڵی ڕاست تەواو سنووری خۆی لەگەڵ لایەنەکانی بەشدار لەحکومەت کێشاوە و بەرنامەو پرۆگرام و سیاسەت و نەخشەی سەربەخۆو توندڕەوی خۆیان هەیە, ڕاست بەمانای تەواوی ڕاسترەوی لەم حزبەدا پەنگدەخواتەوە . کریستۆف بلۆخەر بەڕاشکاوی لە چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەکەرییەکاندا ڕایدەگەینێ حکومەت کردن بەتێکەڵەی ڕاست_ناوەندەزۆر ئاسانترە وەك لەگەڵ چەپ کە مەبەستی سیۆسیال دیموکرات و سەوزەکانە بەهەموو باڵەکانیەوە. ئەو تەنانەت لەبەرامبەر حزبی لبراڵ کە مقۆمقۆی ئەوە لەئارادایە کە بلۆکێك پێکبهێنن لەگەڵ حزبی مەسیحیەکان. لەدەنگدان و وراپرسیە سەرەتایی و ئەزموونیەکان ئەوە دەردەخەن کە وەك هەڵبژاردنی پێشوو دەمێننەوە, ووتی::ئەوان پەلەقاژەی مانەوە دەکەن. بەڵام ڕاپرسیە سەرەتاییەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەمجارە حزبی گەلی سویسرا بەتایبەت لەزوریخ دا تا سەدا 29 و زیاتریش بەرز دەبێتەوە ئەمەش یانی چرای سەوز پێکردن بۆ حزبی لبراڵ کە لەپێشەوە هیچ ڕێککەوتنێك نەکات. ئەو فاکتەرانە جورئەتی دا بەحزبی نێوبراو تا وەها پلاکارتێك کە ئێوە بەپۆستەری نێو دەبەن. ئەم پۆست کارتە لەدونیای دەرەوە و لەناو کۆمەڵی سویسراش کارکردی سەیری بەشوێن خۆیدا نایەوە. حزبی نازیستەنوێیەکانی ئەڵمانیا کردیان بەئارمی وێب سایتی خۆیان و لەفەرەنسا قەدەغە کرا و کۆمەڵەی ئاشتی خوازانیش کۆمەڵێك مەڕو مالاتی هەمە ڕەنگیان لەنێو مێرگێکی قەشەنگدا وێنە کێشا و نیۆرك تایمزش ئارمی سویسرای بەدەستکاریکردنێکی کەمەوە لەشێوەی ئارمی هتلەرو نازیستەکاندا بەجیهاندا پەخش کردەوە.لەنیۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست و گاردیان هەموویان نووسیان((بە تاوانباری بیانی, بێگانە دوژمنی , دەنگ بۆ خۆی کۆدەکاتەوە, لەیەکێ لەکۆنترین دەسەڵاتی دیموکراتی لەجیهاندا)), ئەمەریکا, ئەوروپای یەکگرتوو, ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنال , مەحکومی ئەم کەمپینە ڕاسیستەیان کرد. ئەم کارکردانە بەئەندازەی کاریکاتۆرەکانی مەحمەد کارگەری هەیە.**

**دەنگەکان:3**

**سیاسەتی تەنگکردنەوەی مافی پەنابەرێتی و کارکردن بۆ وەدەرنانی پەناهەندە , لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە , لەتێکشکانی باری ئابووری ئەو وڵاتەوەیە, یان ترس و نیگەرانیە لەکاڵبوونەوەی دیاردە کەلتورییەکانی ئەو وڵاتە؟**

**جەمال کۆشش::3**


**بەبۆچوونی من هیچ کام لەو دوو ئاکامە وافعییاتی ئەم ئاڵوگۆڕەمان بۆ ڕوون ناکەنەوە. لە ئەزمەی دەورانی 2000 کە بەڕادەیەك لەگەڵ بونبەست و کەمی قازانج یان لەگەڵ پرۆگنۆسە چاوەڕوانکراوەکاندا یەك نەهاتەوە, تێپەڕاند, ئەو دەمیش هەموو وەزارەتەکان و بانکەکان و کەرتە گەورەکانی بەرهەمهێنان وەك داودەرمانی نۆرفاتس کە گەورەترینی کۆمپانیای داودەرمان وپزیشکی جیهانی موعتبەرە و ساڵانە بەڕێوەبەرەکە 44 ملیۆن فرەنك**

وەردەگرێت کە دەکاتە نزیکەی 42 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی, کەرتی کۆمنیوکاسیۆن کە بەشە پێکهاتووە سەرەکیەکانی پۆست و سویس ئەیر وەی وهێڵی پاس و شەمەندەفەر, ....هەموویان بەتێکڕا دوو پرۆسەیەیان بەیەکەوە گرێدا بۆ یەك مەبەست:کەمکردنەوەی ژمارەی کرێکارو کارمەندەکان لەلایەك و فرۆشتنی گشتی یان بەشێکی کەرتە گشتیەکان بە کەسایەتیە ملیاردێرەکان یان کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان. دەوڵەمەندەکانی سویسرا جیاوازییەکیان هەبێت لەگەڵ هاوچینەکانیان قرچۆکیانە و بەکەم ڕازی نەبوونیانە. بەهەر حاڵ ئامانجی بۆرژوازی لەو دەمەدا دەستگرتنەوە لەدەوڵەتدا بە15 ملیارد فرەنك وکە 3 ملیاردی دەبوو لەبواری پەنابەری دا بێت و ئەرکەکەشی بەبلۆخەر سپێردرا و ئەویش تافلس بردی. بەڵام ئەو دەم لەنێو کۆمەڵگاو لەنێو چینی کرێکاراندا بەبێ وەڵام نەبوو, یەکێك لەکرێکارەکان کە لەرۆژنامەی سۆنتاگ تسایتونگدا کە رۆژنامەیەکی زمان ئەڵمانی سەراسەریی یە و بەزۆری کێشە میحوەرییەکان دەوروژێنێ و هەڵدەسەنگێنێ و قسەکەرە سەرەکیەکان دەدوێنێ ووتی (( من لەژیانمدا ئەمە یەکەمجارمە لە40 ساڵ کارمدا بەشداری خۆپیشاندان دەکەم, وا هەست دەکەم لەسەردەمی شۆڕشداین....)). بۆ بۆرژوازی ئاسان نەبوو تێپەڕاندنی ئەو دەورەیەی لەهەموو ئاستەکاندا, لەهەموو بەشەکاندا, کرێکاران و کارمەندان هاتبوونە دەنگ و بەرامبەرکێی گەورەیان کرد, بەڵام ئاکام وەك چاوەڕواندەکرا بۆرژوازی و بەپشتیوانی دەوڵەت سەرکەوتووبوو لەو پرۆژەو سیاسەتە تەقشوفیەی خۆیدا. بەڵام ئێستا سویسرا ئەو دەورەیەی جێهێشتووە. بانکەکان و کۆمپانیاکان ساڵی 2006 یان بەساڵی بوژانەوەی ئابووری نێوبرد و سوودی سەرمایەی مالی بانکی زوریخ تەنانەت لە6 مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا بە٪2,6 زیاتر بوو. ئەوەی پێویستە بەتەواوی لە بۆچوونی منەوە تا ئێستا نەگەیشتۆتە جێگای مەقسەد لەڕوانگەی بۆرژوازی ڕاستەوە, ئەوەیە کە ئیدی کێشەی پەنابەری وەك کێشەیەك نەمێنێ بۆ دەوڵەتی سویسرا, ئەوەی بیانیە ئیدی پێویستە لەنێو بازنەی کارو سوودی سەرمایەدا جێگا بگرێت.کۆچکردووی کاربێت . بەپەیدا بوونی زەخیرەی هێزی کاری هەرزانی وولاتانی ئەورووپای یەکگرتوو, وە بۆ ساڵی 2009 ش 15 دەوڵەتەکەی ئەورووپای نوێی یەکگرتوو, ئەم تەماحەی کردۆتە خەیاڵێکی وەدیهاتوو. ئەم حەشیمەتە بەچەند هۆکار یەکجار لوقمن , یەکەم بەهرەو توانایەکی باشییان هەیە لەبوارە مۆدێرنەکانی ئەمڕۆی تەکنەلۆژی بەهەمهێناندا. دووەم: ئەمانەئیدی بۆ کاردێن و هیچ پەیوەندییەکیان بەپرۆسەی سۆسیال وبیمەی دەوڵەتیەوە نیە, بەپێچەوانەوە ئەمانە ئیدی سەرچاوەی بەدەستهێنانی سوودن و باج دەدەن بەسویسراو لەسویسراش گوزەران ناکەن و ئاسان هاتوچۆش دەکەن بەپێی بڕیارێکی تازە. سێ : کێشەی زمان و ئینتگریشەنیان کەمە.....هەر بۆیەکا دەوڵەتی سویسرا نەدەچێتە ئەورووپای یەکگرتووەوە بەڵام ئازادی هاتوچۆی بۆ سەرجەم دانیشتوانی دەوڵەتانی ئەورووپا مۆر کرد تەبعەن <u>لەڕێگای دەنگدانی خەڵکیەوە</u>. سەبارەت بەلایەنی دووەم کاڵبوونەوەی دیاردە کلتوورییەکانی ئەو وولاتە. ئەم لایەنەش بە هەمان شێوە کۆمەڵێك میکانیزم و گەشەی نێوخۆیی بینیوە کە لەگەڵ بایەخە ترادسیۆنیەکانی ئینسان لەئەورووپاو لەسویسرا نایەتەوە, یان بەرەودواوە گەڕاوەتەوە. مافی ژیان, کەتیگۆرییەکی کلتووریی بنچینەیی بوو لەنێو سیستەمی دەوڵەتداو لەنێو کۆمەڵگادا, کە هەرکەس لەنێو خاکی سویسرادا ژیان بکات پێویستە لانی کەم لە مافە بنەڕەتیەکانی بوون وەك بونەوەرێك بەهرەمەند بێت ((خواردن, خەو, فێربوون, چارەسەری نەخۆشی)). بەڵام ئێستا ئەو مافانە زۆرێك لە پەنابەران ناگرێتەوە. گوڵی تۆلیرانس و کراوەیی ویەکتر قەبوولکردن, لە باخچەی سویسرادا درکی پەیوەندی ڕاستەوخۆوپەرەگرتنی ڕاسیزمی ڕۆژانە وئیهمالی وگوێنەگرتن لەوی دی چێنراوە. زمانی توندوتیژی و نەفرەت و ڕقلێبوونەوە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان دەمی بۆ پەیدا بووە و تەنانەت یەکێك لەبەرپرسانی کۆمیتەی مەڕی ڕەش دانیال جین کە خۆی ئەندامی دەوڵەتی بیرنە ولەلیستی سەوەزەکان و کەسایەتیەکی قانوونی ناسراوەو خۆی محامی یە ووتی(( زمانی نەفرەت وبێزاری یەك کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حزبی گەلی سویسرا چاندوویەتی, ئەم ئاژاوەیەیی لەبیرن ناوەتەوە, چەفانی کەسایەتی یەکەم سەر بەئانارشیتە ئۆتۆنۆمیەکان یان سەربە چەپە توندڕەوەکان وەك هەندێ ژورنالیست و حزبەکان نێویان دەنێن, لەرۆژنامەی بلکی مەیل ڕاست وپڕخوێنەرترین ڕۆژنامەی ئەڵمانی زمان , ووتی خەڵك مافی خۆیەتی دەروازەی دەربڕینی قینی لە دەوڵەمەندەکان بکاتەوە )). تەنانەت کۆمەڵناسە پرۆفشیونالەکانی توندوتیژی باس لەنۆرمێکی مەترسیداری توندوتیژی دەکەن لەنێو لاوان دا کەوەك عادەتی لێهاتبێ و بەشێك بێت لەبوونیان و نۆرماڵ دەبێت ممارسەی بکەن. نەریتە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکان مۆرکی بە بێگانە دوژمنی و نەخوازراوی بیانی ڕەنگرێژ کراوە. ئەخلاقی سیاسی و مەرایی و خۆگونجاندن وبەتایبەت بۆ ڕاست و دونیای سیاسەت پڕیەتی لەئیتفاقات ووڕێککەوتنامەی درۆو تەڵەکەبازی و سوود پەرستی ڕۆژانە بەرچاوت دەکەوێت و ئەگەر هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان سێرکێك بێت وەك پاشکۆی تایبەتی نویەزوریخ تسایتونگ کیشا بووی, ئەوە ئاژەڵەکان نەك هونەری نواندنی خۆیانی تیا دەکەن تا بمانخەنە پێکەنین بەڵکە درۆو فێڵێکمان لێدەکەن تا فریومانبدەن. ئەمەش شایانی گریانە نەك پێکەنین. هونەرو وەرزش لەسویسرا زۆر کەم گرنگیان هەیە لەنێو پرۆژەکانی تردا, بەڵام ئەم لایەنەش بێڕتووش نەبوو. کاتێ کریستۆف بلۆخەر بوو بە وەزیری عەدل و ناوخۆ, باشترین هونەرمەندی تەشکیلی بڕیاریدا لەپاریس نیشتەجێبێت و نەگەڕێتەوە بۆ سویسرا. ئینساندۆستەکان خۆیان بە شەرمەزار دەزانن کە ڕاست ئەم کلتوورە بڵاودەکاتەوە. پرسیارێکیان لەئولی ماوەرەری سەرۆکی حزبەکە ئاراستەکرد ئایا بۆچی حزبی گەلی سویسرا بەنیازە ڕۆژنامەیەکی خۆی حزبی هەبێت. وەڵامەکەی ئەوەبوو: ژورنالیستەکان ئێمە فەرامۆش

دەکەن و خۆشەویست نین لای زۆربەیان. لایەنێکی تر زمانی ئینگلیزی خەریکە لەگەورە کانتۆنەکان بەتایبەت ئەڵمانی زمانەکان, جێگا بەزمانی دووەمی فەرەنسی دەگرێتەوە, پەیتا پەیتاش کۆدو ئەلگۆ ورِوسووم وشێوە مۆدیلێکی تری کلتووری دێتە ناوەوە, کە ئەمە بێگومان پشتی داوە بەنیازەکانی بازارِەوە. بەلأم بەگشتی ئەوروپا لەسێبەری ئەمەریکادا دەژێت. لەماوانەی کۆتایدا دیاردەیەکی نوێ پەیدا بوو, بەتایبەت بەشوێن پێشنگایەکی نێونەتەوەییەوە کە ساموئیل شمید ئیفتتاحیەی کرد, ووتی((ئالأی سویسرا کەم دەبینم...)), لە1ی ئۆگوستدا, کەچەژنی نیشتمانی سویسرایە, شارو دەشت و دەر پرِ دەبێت لەئالأ, لە ئاهەنگی 6ی ئۆکتۆبەری بیرن کە حزبی گەلی سویسرا رِێکیخست, لەشاری کۆنی بیرن تەنها ئالأ دەبینرا. بەلأم لەچەند ساڵی رِابردوودا بەمجۆرە نەبوو, ئالأ لەهیچ شوێنێك, لەپەرلەمان, لەدەوڵەت, لەئۆفیسەکان, لەپشت سەرۆکەکانەوە, نەبوو....سویسرا وولأتی ئالأیەکی تایبەت نەبوو. یارمەتیم بدە هەندێك لایەنی تری کلتووری رِوونبکەمەوە. سەرەتا با لە بایەخە گشتیەکانەوە, لەرِێزەوە, لەمافەوە, لە ستاندارەدەوە, لەئینسانیەتەوە, دەستپێبکەین. کلتوورێکی ئینسانی کە سویسرا شانازی یەکەم و کۆتایی بوو, وێنەیەکی ئینسانی وبەجۆرێك پیرۆز لەلای دونیای دەرەوە, دەناسێنرا, رِووشێنراو شەق بوو. رِاسیزم و مەیلی رِاست بەرپرسی یەکەمە لەم رِاست وچەپ پێدا هێنانە. سویسرا ئیدی نەك لانکەی لەخۆگرتنی رِێکخراوە ئینسانیەکانە, نەك باوەشی گەرمی هەتیو وقوربانیانی شەرِو کوشتارەکانە. بەڵکە شوێنی بەکرێدانی شوقەی گرانبەهای گروپە نهێیەکانە, شوێنی حەوانەوەی ژەنەرِاڵە خانەنشینەکانە. سەردەمی پرۆفیسۆرە حەقیقەت خوازەکان و رِادیکاڵەکان بەسەر چوو. پاڵتۆی جنیف بەرهەمی پەیماننامەی تری لێنایەتەدەرەوە. بەها و نرخەکان لەنێو حزبەکانی نێو پەرلەمانیشدا لەسفر نزیکبۆتەوە. دین وباوەرِو پرنسیپە بەرنامەیی و مۆرالیەکان هیچ رِۆڵێکی بۆ حزبە دینیەکان و بۆ ئازادیخوازە دژی دۆگماییەکان نیە. پرۆگرامی براگماتیستی تەواو تەنگ بۆتەوە لەئیرادەی سیاسی ئەحزابەکان. حزبی کرستلخە و ئازادیخوازەکان بەنیازی ئەوە بوون بەرەی ناوەند پێکبهێنن. ئاشتی فەرهەنگەکان یان بەگوزارشێکی رِوونتر سنووری نێوان کریستیانەکان و ئازادیخوازەکان لەبەین چووە. مەریوان وریا قانع لەباسی عەلمانیەت و ئیسلامیەکاندا نموونەیەکی سەرکەوتوو لەم نێوبەندە لەکوردستان دەهێنێتەوە, جۆرێك لەو رِەوشتە سیاسیەش لەسویسرا بەقەولی نیۆرك تایمز لەکۆنترین وولأتی دیموکراتیش دەدۆزینەوە. بۆنی رِاست بەتەواوی پەنگی خواردۆتەوە. ئایدینتی کەسایەتی سویسری, ئارام و لەسەرخۆ, گەنج و کامڵ و ژیاندۆست و ئینساندۆست, تۆلیرانس وکراوەو توانا بۆ وەرگرتنی زانستی و رِۆشنبیری نوێ و پێشکەوتنخوازانە. ئەو کاراکتەرانەی تەنك وکاڵبوونەتەوە. ئیگۆیزم و نەرجسیەت وپیری و بەرچاوتەنگی تۆخبۆتەوە. کۆمەڵگا لەدارستانی چێنراو دەچن و پەیوەندی وکۆمنیوکاسیۆنیان لاوازو سادەیە. ئەوان بەتەنیشت یەکەوە دەژین وکۆمەڵگا پێك ناهێنن و پێکەوە ناژین. تەنیایی و نامۆبوون و خەمۆکی و بێهێزی لەگۆرِان و لەدیاریکردنی چارەنووس نەوەی نوێی پەکخستووە. مارسیە پاسکاڵ کە خەڵکی بیرنە و مامۆستای زانکۆیە لەرِۆمانی نوێیەکەی بەناوی((شەمەندەفەرێك بۆ لیزابۆن)). یەکجار رِوون تەنیایی و نامۆبوون بەگەورەبوونی خۆیەوە گرێدەدات و ئاسان دەڵێت ئەمە بیۆگرافی ژیانی من بووە. وە دەڵێت من کاتێك ئەوە دەنووسم, بیرم لەزۆرێك لەنەوەی خۆمکردۆتەوە. ئامادەیی ئیرادە وخۆناسین لەم کۆمەڵگایەدا بەئاگاو هۆسیارە, بەلأم سیستەم و میکانیزمی ژیان, بێئومێدد دەکات. سیستەمی پەرلەمانی یەکێك لەرِێگرە هەرە سەرەکیەکانی بەردەم ئیرادەی نەوەکانە. خەڵك بەگشتی و گەنجەکان و خەڵکی شارەکان بەتایبەتی دەنگ نادەن. سەدان نامەو دەیان چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵك وگەنجەکان ئەم دیاردەیە رِووندەکەنەوە. بەدەیان نامە کە لەرِۆژنامە سەراسەرییەکاندا بلأودەبنەوە, هاورِان کە هەڵبژاردن هیچ ئاکامێکی باشتری بۆ ژیانیان نایەهێنێتە دی. هەندێك لەنامەی خوێنەران تەنانەت دەچنە سەر میکانیزمی هەڵبژاردن و سەر شێوەیەك کە دەوڵەت حکومرِانی پێ جێبەجێ دەکات. بەها کلتوورییە ئینسانیەکان سویسرا خودی خۆی مۆرەی لێداوە, لەماوانەی دواییدا حزبی گەلی سویسرا, موبادرەیەکی دەست پێکرد, بۆ دروستنەکردنی وقەدەغەکردنی منارەی مزگەوت لەسویسرا , موبادرە, پێویستە 100 هەزار ئیمزات کۆکردبێتەوە تا بتوانی دەنگدانی گشتی خەڵك بەدەست بهێنی, تا ئەو دەمە مەقوەلەیەك هەیە بۆ ئەم ئاکشنە سیاسیە پێیدەووترێت ((ئینسیاتیف), کە موبادرەیەی پێدەڵێن لەعەرەبیدا. . دەیویست ئەمە بکاتە دەستمایە بۆ شوناس وئایدینتتی. موبادرەکەش بەرِێوەیە. ئەم موبادەرەیە جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەو کێشەیەی لە فەرەنسا لەسەر حجاب هەبوو. حزبی گەلی سویسرا, بەهانە سەرەکیەکەی ئەوەیە::ئەم شێوازو ستایلە لەبینا بە کلتوری معماری سویسرا بێگانەیە. ئەوان دەیانەوێت شوناسی تایبەتیان هەبێت, بەلأم لە شوناسێك ناچێت کە پێشتر ئینسانی ئەوروپی بەیەخەیەوە بوو.. خۆ ئەگەر قسە لەباری ئینسانی گلۆباڵ و ئینسانی جیهانی بکەین, دەبێت لەسویسرا پەیدای بکەین. سویسرییەکان خۆیان وەها لەخۆیان رِەوا دەبینن. جنیف پایتەختی سیاسی دونیایە, زوریخ پایتەختی ئابووری جیهانە, لوزیرن پایتەختی هونەری جیهانە....بۆ دەبێت لە نێو ئەو هەموو کاپیتاڵ و پایتەختانەدا, هێشتا لەسەر شەقامەکان بۆ ئینسانی فلأنە وولأت بگەرِێین. مەسەلەکەش پەیوەندییەکی قووڵی بە خۆناسینەوە هەیە. من لەوە خەیاڵ رِاحەتم کە مەسەلەی شۆرِش لێرەوە هەڵناگیرسێ. تەنینەوەی و رِوودانی گەورەی سپی پێشبینیکراوە. وەك دەورانی شۆرِشی گەورەی فەرەنسا.بۆیەکا من هۆکاری تر لە پەرەگرتنی رِاست دەبینم. رِەنگبێت یاساکانی گەشەی سەرمایە کوێر نەبن. بەلأم مۆرِاڵ, نەریت, ئاکار, پەیوەندی, کلتوورو, تەنانەت ئەحزابی زۆر کوێرکەر ووەحشی بەردەدەنە نێو کۆمەڵگاوە.

**دەنگەکان:4**

**هەڵوێستی ئۆپزسیۆن لەو وڵاتە چی بووە لەبەرانبەر (SVP) ؟**



*جەمال کۆشش:4*

**پێویستە هەموو ئۆپۆزسیۆنی حزبی گەل نەخەینە نێو تاوەیەکەوە. لانی کەم دەتوانین بۆ دوو ستراکتور جیایان بکەینەوە. ئەوانەی پەرلەمانین و ئەوانەی دەرەوەی پەرلەمان. یان ئەوانەی قانوونی نین و ئەوانەی نا قانوونین.یان ئەوانەی ڕادیکاڵ ن یان ئەوانەی ناڕادیکاڵن. بەهەرحاڵ دوو لایەن هەن دەیانەوێت پێش بەپرۆژەو سیاسەتەکانی بەرەی ڕاست بگرن. لەزمانی حزبی گەلەوە ئەم دوولایەنە یان کودەتاچین, یان تێکدەرو ئاژاوەگێرن. کودەتاچیەکان لەنێو پەرلەمانن و تێکدەرو ئاژاوەگێرەکان یش توندڕەوەکانن. لەمنێوەدا خەڵکی تر هەن بەڵام لەکۆتاییدا هەر دەچنە نێو هەمان خانەوە. حزبی سۆسیال دیموکرات و سەوزەکان و حزبی کارو سۆسیالیست ئالەتەرناتیف و ...ئەمانە بەرەیەك پێکدەهێنن, ئەم بەرەیەش بەزۆری لەسەر بایەخ ومافە ئینسایەکانی ئەوروپا, پێداگری دەکەن. لەگەڵ ئەوەن کە یچنە نێویەکێتی ئەورووپاوە, لەگەڵ ئەوەن کە زەریبە بۆ سەر کۆمپانیا دەوڵەمەندەکان گونجاو بێت.لەگەڵ مانەوەی پرۆژە خزمەتگوازرییەکانی دەوڵەتن و دەوڵەتی بمێننەوە کەرتەگەورەکانی سوود , لەگەڵ ئەوەن ترادسیۆنی ئینسانی سویسرا گەشە پێبدەن وپابەندی سویسرا بەڕێککەوتنامە جیهانیەکان بهێڵنەوەو سیاسەتی ئینتگرەیشن و ئیندماجی بیانی بەکۆمەڵگای سویسرا چالاك بێت و لەگەڵ ئەوەن ئازادیە فەردییەکان گەشە پێبدەن وسیستەمی پەروەردە باڵا بکات....ژینگەو ووزە بەیەکەوە پەیڕەوی لە یەکتر لەنێوبردن نەکەن...هتد ئەم بەرەیە خاڵی لاوازی لەوەوەیە, هەمیشە بە خەمی ئەوەوەیە نیوترالیتیت و برادەری بپارێزێت لەگەڵ لایەنەکاندا. حزبی سۆسیال دیموکراتی سویسرا نفووزی لەنێو نەقابە کرێکارییەکان لەدەست داوەو نیوەی ئەندامانی یەکێتی یە کرێکارییەکانیش نەبوونە بە هاوڵاتی سویسری. لە نێو مامۆستایان و لەنێو گەنجەکان نفووزی هەیە, گەنجەکانیش ڕێژەی بەرزی دەنگدەران پێکناهێنن. خۆی 35 هەزار ئەندامی هەیە و بەزۆری کارمەندە نێوەندو بەرزەکانی دەوڵەتن. حزبێکی هەژارن لەچاو حزبە دەوڵەمەندەکانی وەك حزبی گەل. سەرەڕای ئەوەش خۆیان ئالتەرناتیفێکی تایبەتیان بۆ سیاسەتی پەنابەری نیە و ئەمە خۆی ڕێککەوتیش نیە. سەورزەکانیش بەزۆری لەنێو ڕێکخراوە ئاشتی خوازەو ژینگە پارێزەکاندا نفووزییان هەیە, نزیکەی 10 هەزار ئەندامێکیان هەیە. بەهۆی سەرقاڵی و کێشەی گەرمی دونیا بەگشتی بەمەسەلەی هەلومەرجی ژینگەوە,سەوزەکان شانسی سەکەوتنێکیان هەیە. بەڵام پەرەگرتنی ڕاست بەم جۆرە لەسیاسەت وبەم پرۆژانە پەکناخرێت. ماوەیەك لەمەوبەر کێشەی ڕۆشەر کە محامی دەوڵەت بوو, وە لەمیدیاو لەنێو پەرلەمان ڕایگەیاند کە ئەو لەژێر فشاری وەزیری عەدل وناوخۆ دەستی لەکار کێشاوەتەوە, حزبەکان وویستیان ئەم کێشەیە بکەنە کێشەیەکی یاسایی و کە لەسویسرا هیچ کەس مافی دەستوەردانی لە کاروباری محامی دەوڵەتدا نیە. بەڵام بلۆخەر وەك ئەم کێشەیەی نێونا ((تیۆری کودەتا)). دەکرا بلۆخەر هەڵنەبژێردرێتەوە, حزبی گەلیش تەواو ترسی لێنیشتبوو. بەهەرحاڵ ئەوە بەشێوەیەك وەك هەمیشە لەنێو هاوڕێیەتی و نیوترالیتیتی سویسرا, کوژێنرایەوە. سویسرا ڕاستە کۆنترین ووڵاتی دیموکراتی دونیایە, بەڵام ئەو جەرائەتەی نیە وەك لەکێشمەکێشەکانی نێو باڵەکانی بۆرژوازی لەئەمەریکا دەیبینین.**

**بەرەی چەپی توندڕەو کە بەئاکسیۆنە مێژووییەکەی 6 ئۆکتۆبەر گەیشتە لوتکە, بەرەیەکی تێکەڵاوە لە ئانارشیست و مارکسیە قەدیمیەکانی دەورانی شەڕی سارد. ملیتانت و شەڕکەرن. ئاکسیۆنی 6 ئۆکتۆبەر ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو بوو. من لەو ووتارەمدا بەنێوی یەکێك لەشیعارەکانی ئەوانەوە**

بوو((بیرن دەکەینە بەغدا)). لەبەرامبەر سیاسەتی ڕاست دا, و لەبەرانبەر ڕاسیسیزمدا کە زمانی توندوتیژی و ململانێی پەرەپێداوە و بەنێوی ئاهەنگەوە 10 هەزار کەس بۆ نمایشی هێزی خۆی لەشارێك کە دەسەڵاتی سوور_سەوز تیا حوکمڕانە بەدرێژایی دەیەیەکان, ئاهەنگەکەش بەڕێوڕەسمی خۆپیشاندان بەمۆسیقای کلتوری سویسری و بەقۆری چەندان بەرمیلی گەورەی شیرو لەهەموو لاوە ئاڵای سویسراوبەئامادەبوون و ووتاربێژانی بەڕێزان بلۆخەرو ماوەرەر بۆ بەردەم پەرلەمانی سویسرا لەبەردەم بوندس هاوس کە ڕەمزو سمبولی دەسەڵاتی حکومەتە هاوار بکەن((**ئێمە دەیبەینەوە, ئێمە دەبێت بیبەینەوە))** .لەساڵی 2006 , ساڵێکی بێوێنەیە لەمێژووی سویسرا بۆ توندوتیژی چەپ لەبەرامبەر ڕاستداا.1226 جار هێرش بەر بوونە بۆ سەر گروپە ڕاسیستەکان, چونکە ڕاست و ڕاسیتەکان ئەم ساڵ پتر لەهەمیشە خۆیان نواندووە. لەم ئاکشن و چالاکیەدا, چەپی دەرەوەی پەرلەمان سەرکەوتوو بوولەباری عەسکەرییەوە. هەموویان هاوئاهەنگ بەیەکەوە کارییان کردووە. کە نزیکەی 500 ئاکتفیست بەشداربوون. لایەنی ئانارشیستەکان بەلافیتەی (( خۆش هاتن بۆ دۆزەخ)) ! ! نەیان هێشت ڕێوڕەسمەکە وەك چۆن دانرابوو, ئەوەها بڕوات و شێواندییان, کەوتنە دارکاری کردنی یەکە بەیەکەی ئەندامانی حزبی گەلی سویسرا. هەرکەسە بۆ کەسێك و هەر ئەندام بوو چۆڵی دەکرد, هەندێك ووتیان (( شەڕ بوو بەڕاستی!!)), سویسرا لەدوای شەڕی جیهانی دووەمەوە ئەم تێهەڵچوونانەی بەخۆیەوە نەبینیوە. گروپی ئاوف باو نەیانهێشت بلۆخەر ووتار بدات و کەوتنە لێدانی ئەندام پەرلەمانی سەربەهەمان حزب و شەق وپەفکردنی مەنسەو خستنە خوارەوەی شت ومەکەکانیان شیعاری ئەوان(پێی فاشیزم لەسەر سویسرا دەبڕینەوە )). ئەم تێهەڵچوونانە دەنگدانەوەیەکی جیهانی و کاریگەری گەورەی هەبوو. چەپی دەرەوەی حکومەت بۆ یەکەم جار بوو بتوانێت ئەو سەرنجەی خەڵك ومیدیای گەورەی جیهانی بۆ خۆی ڕابکێشێ بەتاکتیکێکی سەیر کە میدیاکان و پۆلیس بە((شەڕی گەریللای )) نێویان برد, دابەش بوون بۆ چەندین گروپی بچکۆڵە بچکۆڵە بچکۆڵەو خێرا ئەنجامدانی مەبەستەکەت و گەڕانەوە بۆ جێگای مەقسەد و خۆگۆڕین و دووبارە و بە پەلە ئامادەبوون بۆ کارێکی ترو چالاکیەکی تر. لەماوەی کەمتر لە5 دەقیقە تەواوی مەنەسەکەیان تێکدا, قسەکانیان بەبلۆخەر بڕی, قۆریە گەورەکەیان بەردایەوە کە سیخوڕێکی مەدەنی خۆی لەتەنیشتەوە حەشاردابوو... . لەو بارەوە هەموو لایەنەکانی دەرگیر قسەی خۆیان کرد. لێکدانەوەی خۆیان دا. بەڵام بەگشتی بەقازانجی چەپی دەرەوەی حکومەت شکایەوە لە دەست ویەخەکەدا. بەشوێن ئەو ڕووداوەشدا پلاکارتی حزبی گەل بۆ هەڵبژاردن گۆڕدرا بۆ ((ڕێك وپێکردنی سیاسەتی پەنابەری لەسویسرا)). بەڵام دیارە بەگشتی خەڵك لەگەڵ ئەو جۆرە بەیەك قژانەدا نیە. ڕۆژنامەکان وەك شەرمەزارییەك بۆ بیرن یان نێو نا.

جێگای خۆیەتی خەباتی ((کۆمیتەی مەڕی ڕەشSchwarzeSchafe)) لەبیر نەکەین, کە بەشوێن بڵاوبوونەوەی پۆستکارتە کەدا پێکهات. ئەم کۆمیتەیە پێکهاتووە لەزۆربەی ڕێکخراوە پەنابەری و بەرگری کەرەکانی مافی پەنابەری, کە ئێستا لەکەمپینی بەرگریکردن لەمافەکانی پەنابەرانی عێراقی پشتیوانی و هاوکارمانن. لەگەڵ یەکێك لەلایەنەکانی کە سانس فرۆنتێیە و 10 هەزار ئەندامی هەیە, سکرتیرێرێکخراوەکە, ئەندامی پەرلەمانی زوریخە سەربەلیستی سەوز, کۆمیتەیەکی هاوئاهەنگی کارەکانمان پێکهێناوە. ئەم کۆمیتەیە لە6 ئۆکتۆبەر, بەناونیشانی ((ئاهەنگێك بەتەواوی لەدژی ڕاسیسزم, حزبی گەلی سویسرا بەخێرنەیەی !!)) لەهەمان ڕۆژدا کە مۆڵەتی لەپۆلیشەوە نەبوو , ئەنجامدا. ئەم ئاهەنگە هەمە ڕەنگ و هەمە کلتووروهەمە ئاواز بوو,, جەماوەری و گەورە .کاریگەری لەسەر ناکام مانەوەی بەرەی ڕاست دانا و تەنانەت بەهانەی ئەوەیان خستە پاڵیان کە کۆمیتەکەی ئێوە لەدژی قانوون بووە, لەدژی دیموکراتیزم بووە, نایاسایی بووە. وە فشاری دەرکردنی دانیال جین سەر بەلیستی سەوزو تسوبیندن سەر بەحزبی کار لەدەوڵەتی بیرن دەرکەن..بەڵام دانیال جین کەکەسایەتی یەکەمی ئەم کۆمیتەیە ووتی ئەوان یانی بەرەی چەپی دەرەوەی حکومەت, ئێمە ئاهەنگمان بکردایە یان نا, ئەوان ئاکشنی خۆیان هەر دەکرد. وە لەریزی ئێوەدا چەندین کەسایەتی دامەزرێنەریی نازی و ڕاسیستی هەبووە سەر بەگروپی, خوێن و تۆقین, پۆنس, ....

سویسرا وەك خۆی دەمێنێتەوە, ڕێگایەك کە ڕاست خستویەتە بەردەمی درێژەی دەبێت. شتێك کە پێویستە بزووتنەوەی چەپ خۆی لێنزیکاتەوە, مارکسیزمە, سیاساتی مەنسور حیکمەتە. ئەگەر بمانەوێت ڕاست ناکام بکەینەوە, ئینسان شاد وئازادو بەختەوەر بژێت. پێویستە بۆ دەرەوەی پەرلەمان بڕوانین. پەرلەمان خۆی یەکێك لەگەورەترین ڕێگرەکانی بەردەم بەختەوەریی یە, خۆی ئامرازی باڵادەستی بۆرژوازی یەو خۆی بەرهەمهێنەری بلۆخەرەو ڕاسیستی یە. بەڵام دەرەوەی حکومەت و پەرلەمانیش چەپی تەقلیدی گیری خواردووە. ڕەخنەی مارکسیستی لەسەرمایەداری کزە و بێکاریگەرە. پراتیکی سیاسیان خۆبەخۆیەو بەرنامەیەکی کاری سیاسی و ڕۆشنیان نیە. پەرش وبڵاون. ئێمە وەك قوربانی دەبینن نەك وەك خەباتکار. لێرەدا ناکرێت لەو بارەوە ووردتر بکەینەوە.

فیدراسیۆن داوتان لێدەکات کە بەشداری کەمپینەکانی بکەن و هیوادارم دوا پەیوەندی نەبێت. سوپاستان دەکەمەوە پڕ بەدڵ سڵاو خۆشەویستیم بۆ

خۆتان و خوێنەرانی بەڕێزی سایتەکەتان هەیە.